P S D Kurdistan

The Social Democratic Party of Kurdistan

Parti sociaoldemokrati Kurdistan (rojhelat)

# ئاکامی تا ئێشتای هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ئێران و بانگەوازێکی شکستخواردووا!

بە پێی ئاماری وەزارەتی وڵاتی ئێران ٤٦ ملوێن و ٢٠٠ هەزار دەنگی واجدی شەرایەتی لە هەڵبژاردندا بوون کە بەرپرسایەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ئێران بە ئەستۆی شورای نگهبانی کۆماری ئیسلامیە، کە ئەمرۆ عەباس‌عەلی کدخدایی وتەبێژی شورای نیگهبان رایگەیاندووە کە ٨٢% ئەو کەسانەی کە واجدی شەرایەتی بەشداری لە هەڵبژاردندا بوون دەنگییان داوە، زیاتر لەوەی خۆیان چاوەڕووانیان دەکرد.

سەرەرای ئەوەی کە ژمارەدەنی دەنگەکان تەواو نەبووە و هەر بەردەوامە، بەڵام وەکوو دەرکەتووە مەحمود ئەحمدی‌نژاد بۆ جاری دووهەم بۆ سەرۆککۆماری ئێران لە چوارچێوەی هەڵبژاردنەکانی ئێراندا هەڵبژێردریتەوە. ئاکامی ناتەواوی دەنگەکان تا ئێستا بەم جۆرە رایاگەیاندووە.

**محمود ئەحمدی‌نژاد ۱۹۷٦۱٤۳۳ میرحسین مۆسوی ۹۸٤۱۰٥٦ محسن رضایی ٦۳۳۰٤۸ مهدی کروبی ۲۷۰۸۸۹.**

ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە کە لە چوارچێوەی قانوونی بنەرەتی ئێراندا گەلی کورد چ بەرژەوەندیەکی بۆ رەخساوە یا بۆی دەرەخسێت کە داوا بکرێت ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە دەرەوە و لە ناوەوەی وڵات و هەڵسوڕاوانی سیاسی و مەدەنی بەردی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئێران لە سینگییان بدەن؟ و لە سەر بناغەی بانگەوازێکی تاکتیکی، بەرژەوەندی ستراتێژکی گەلێک بریندار بکەن. لە کاتێکدا خاوەنی ئەزمۆنێکی دورودرێژە لە خەباتی رزگاریخوازیدا، و لەسەر قەوانین و هەڵسوکەوتی داگیرکەرانی گەلەکەی بە باشی ئاگادارە؟ لە کاتێکدا زۆرینەیان دەزانن لە ئاستی ئازادی و دیموکراسی بۆ خەڵکی ئێران بە پێی ئەسڵی ٢٦ی قانوونی ئەساسیکۆماری ئیسلامیی دەڵێت:

**اصل ۲۶** ـ احزاب، جمعیت‌ها، انجمن‌های سیاسی و صنفی و انجمنهای اسلامی یا اقلیتهای دینی شناخته‌شده آزادند، مشروط به این که اصول استقلال، آزادی، وحدت ملی، موازین اسلامی و اساس جمهوری اسلامی را نقض نکنند. هیچ کس را نمی‌توان از شرکت در آنها منع کرد یا به شرکت در یکی از آنها مجبور ساخت.

هەروەها لە کاتێکدا قانوونی بنەرەتی ئێران ئەسڵی ١١٥ دەڵێت ئەو کەسانەی دەتوانن بۆ سەرۆککۆماری هەڵبژێردرێن کەلە پیاوانی ئائینی و سیاسی و ... ئائینی فەرمی:

**اصل ١١٥** رییس جمهور باید از میان رجال مذهبی و سیاسی که واجد شرایط زیر باشند انتخاب گردد: ایرانی‌الاصل، تابع ایران، مدیر و مدبر، دارای حسن سابقه و امانت و تقوی، مومن و معتقد به مبانی جمهوری اسلامی ایران و مذهب رسمی کشور.

یان بە روونی دەڵیت پاش ئەوەی کە سەرۆککۆمار هەڵبژێردەرا دەبێت بەم جورە سۆێندی سەرۆککۆماری دەخوات:

رییس جمهور در مجلس شورای اسلامی در جلسه‌ای که با حضور رییس قوه قضاییه و اعضای شورای نگهبان تشکیل می‌شود به ترتیب زیر سوگند یاد می‌کند و سوگندنامه را امضاء می‌نماید.
بسم‌الله‌الرحمن‌الرحیم "من به عنوان رییس جمهور در پیشگاه قرآن کریم و در برابر ملت ایران به خداوند قادر متعال سوگند یاد می‌کنم که پاسدار مذهب رسمی و نظام جمهوری اسلامی و قانون اساسی کشور باشم.

ئەوانەی ستراتیژی خۆیان لە بەرژەوەندیەکی بەرتەسکی حیزبایەتیدا کرد بە قوربانی سات و سەودای سیاسی رۆژ، و ستراتێژی گەلەکەیان پێ بریندار کرد، و لە هەمانکاتدا تای تەرازووی دوژمنانی گەلی کوردیان لە ئیدامەی داگیرکارییاندا لە کوردستان پێ قورس کرد و دەهۆڵی هەڵبژاردنیان لە کوردستان بۆ داگیرکاری لێدا، تراژیدیەکی مێژوویان تۆمار کرد. گەلی کورد چاک دەزانێت ئەو هەنگاوە قازانجی بە داگیرکەر گەیاند نە بە داگیرکراو.

هەمووان دەزانن کە جیلی نوێی رووناکبیران و هەڵسوراوانی سیاسی و مەدەنی لە ناوخۆی کوردستان لە ئەزموونی ""ریفۆرمخوازانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران"" لە سەردەمی خاتەمی‌دا کەڵکیان وەرنەگرت. لەبەرئەوە ئەوان ئێستا دەزانن کە نابێت باوشی ئاواڵە بۆ داگیرکاری لە سەر خۆیان و گەلەکەیان لە کوردستان بکەنەوە، ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ هەڵسوراوانی سیاسیی و مەدەنیی گەلێک کە دائیم لە ژێر زەختوزۆری داگیرکەردایە.

هەڵسوراوانی سیاسیی و مەدەنیی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات دەزانن ئەرکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد نە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلام بڕۆخێنێت، و نە ئەوەیش کە دەنگ بە مانەوەیان لە سەر خاکو نیشتمانی خۆیان بدەن، ئەوانە دەزانن ریفۆرم و ئاڵگۆر لە ئێراندا بە سەردەمداری خاتەمی و کهرۆبی هاتبێتە ئاراوە بە کەڵکی کوردستان و کوردستانیان نایەت.

هەمووومان دەزانین خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان مێژوویەکی دێرینی هەیە و بە ئارەقڕشتن و خوێنبەخشین و گیانفیداکردن گەیشتووەتە ئێستا، هیچ لایەن و کەسێک ناتوانێت ئەم مێژووە بسرێتەوە و یان نەکۆڵی لێبکات.

خەباتی رزگاریخوازیی خەڵکی کوردستان لە پێناو ستراتیژیەکی دیاریکراودایە، و مێژوویەکی دوورودرێژ و خوێناوی لە دژی زوڵم و ستەم و داگیرکاریدا تۆمار کردووە، بە دەیان هەزار کوروکچی پـێشمەرگە و جیلی تازە پێگیشتوو و خۆێنەوار و خەباتکاری ئەم گەلە لە کوروکۆمەڵی جورباجور لە حیزب و پارتەکاندا دژی دەسەڵات و داگیرکاری کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاکانی ١٣٥٨ ی هەتاویەوە بەربەرەکانەیان کردووە، بە هەزاران بنەماڵە لە سەر خاک و نیشتمانی خۆیان لە هەموو شارەکانی کوردستان شاربەدەری شارەکانی ئیسفهان و قوم و کاشان کران، سەدان و هەزاران گۆڕی ون و نادیاری کچ و کوری ئەم گەلەی لێکەوتووەتەوە، هەر لە سەرتاوە تا ئەمرۆیش زیندان و ئەشکنجە و ئیعدام، ئیعتیاد و خێڵی بێکاری، نائەمنی کۆمەڵایەتی لە هەموو میدانێکدا، وێرانی ژێرخانی ئابووری بەشی نەبڕاوەی ئەم گەلە ژێردەستەیە.

پاش ٣٠ ساڵ لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی کام گۆڕانکاری لە ئاستی قانوونی بنەرەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە نیسبەت مافی گەلانی بندەست، دیموکراسی و مافی مرۆڤ، ژنان، تەنانەت بە نیسبەت دەسەڵاتی سەرۆککۆمارەکەیشی هاتووەتە ئاراوە؟ ئەمە ئەگەر رێگا بە خۆمان بدەین بۆ چاوتroوکاندنێک لە ئەسڵی مەسەلە کە کوردستان داگیرکراوە، لا بدەین.

ئایا تا ئێستا رووناکبیرانی ئێرانی جگە لە لیستی دووردرێژی دژایەتی مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران، لە کوێدا هاودەنگییان لە گەڵ رووناکبیران و هەڵسواروی سیاسیی و مەدەنیی کورددا کردووە تا خەڵکی کوردستان بێن و بە پیر سندووقەکانی هەڵبژاردنی یەکێکی تر لە مۆرەکانی مۆمن بە قانوونی ئەساسی ئێران بچنەوە؟

سەرئەنجام ئێمە بە گەلی خۆمان ڕادەگەیەنن کە تا دەکرێت نەچن بۆ دەنگدان وگوڵێک لە سنگی نوێنەرانی دەوڵەتێک نەدەن کە دەبێت لە سنگی خوشک و برا و دایک و باوک و خۆشەویستانی ئەوانەمان بدەین گیانیان فیداکرد و کە هەمیشە لە سەنگەری خەناتی ئازادیخوازیدان و دەبن.

هێرش عەلیزادە

بەرپرسی پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) بۆ پێوەندیەکانی کوردستان

٢٠٠٩/٦/١٢